ئەمانەی کردووە و هەموو لایەك ئەمە ئەزانیٚ بەڵام گرنگە کەسێك خۆی شایەتحاڵی ئەنجام دانی تاوانەکان بێت و پەردەیان لەسەر لابدات. . دڵنیابە ئەو کارێکی مرۆڤایەتی گەورەیە تۆدەیکەیت. . بۆ ویژدانی خۆت باشە بۆ دواڕۆژی لای خواش چاکەیەکی گەورەت بۆ تۆمار دەکرێت کە بیٚ پێچ و پەنا هەرچیەیەك بیستووتە یان دەیزانی بیگێڕیتەوە تا تۆماری بکەین. . ئەوانەی تۆ دەیڵێی هەموویان حەقیقەتن بەواقیعی روویان داوە بەڵام رووداوێك لەخەڵکی شاراوەیە تۆدێی ئەوەی رووی داوە ئەیگێڕیتەوە من داوات لیٚ ناکەم شتێك بڵێی کە رووی نەدابیٚ، تەنها ئەوانەم لێت دەویٚ کە رویان داوە و



تێپەڕبوون و ئێمە ئاگامان لە ووردەکاری‌یەکانی نی‌یە. . !؟

– ئیٚ وایە، ئەم ڕژێمە زاڵم بوو زۆر شتی کردووە. . زۆر خەڵکی کوشتووە. . زۆر خەڵکی ئیعدام کردووە لەدوای ئەوەی کە کوشتونی بەحەفارە قەبری کردووە لاشەکانیان تیٚ کردووە. . ئەوەی ئێمە کردوومانە چاکەمان کردووە گەر لاشەی مردوومان داپۆشی بێت. . خواش ئەوەی پیٚ خۆش بووە کەلاشەکانمان شاردبێتەوە، خۆمن نەمکوشتووە من لاشەم داپۆشیوە. .

* منیش پێم ووتی تۆ ئەرکێکی سەرشانی خۆتت بەجیٚ هێناوە. . ئێستاش چاکەیەکی گەورە دەکەیت ئەو ئەرکانەی پێت سپێردراون بیانگێڕەوە. . کە رەنگە زۆر شت هەبیٚ تەنها لەنێوان ئێوەو خوادا بێت و کەسی تر نەیزانیٚ. . !؟

– راستە، جاری وابووە ئەم حکومەتە زاڵمە خەڵکانێکی کوشتووە و لاشەکەی لەشوێنێکدا فڕیٚ داوە کە دواتر ئێمە دامان پۆشیوەو مەگەر تەنها خوابزانیٚ ئەو شوێنە کویٚیە، رەنگە کەس و کاریشی هەر چاوەڕیٚی بن. . !

* کەواتە ئێستا تەئیدم دەکەیت کەدەڵێم بەئاشکراکردنی ئەو نهێنیانە چاکە دەکەیت. . ؟

– بەڵیٚ، بەڵیٚ. . !

* چەند ساڵ لەعەر عەر مایتەوە. . ؟

– دوو ساڵ وچەند مانگێك بوو...

* لەو ماوەیەدا کەلەعەر عەر بووی چی حاڵەتێکی کوشتن یا شاردنەوەی لاشەی کوژراوت بینی. . ؟

– هیچ.

* چۆن. . بەمانا لەو ماوەیەدا دەزگای ئەمن لەعەرعەر کەسیان نەکوشت. . !؟

– کاکە ئەمن ئەوەنەبوو خەڵك بگرێت و کۆیان بکاتەوە و بیانکوژیٚ. . ئیشی ئەمن مراقبە کردنی خەڵك و کۆکردنەوەی معلومات بوو گەر کەسێك معلومات لەسەری هەبوایا کە بەجۆرێك ئیش دەکات لەبەرژەوەندی دەسەڵات نی‌یە دەستگیر دەکراو تەعزیب ئەدرا تاماوەیەك لەبنکەکان ئەمایەوە گەر ئیعترافی بکردایە ئەیان نارد بۆ سەرو ترو حوکم ئەدرابەزیندان یان ئیعدام گەر ئیعترافیشی نەکردایە ئەیاننارد بۆ مدیریەتی ئەمنی عامە لە بەغدا بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر. .

* کەواتە لەویٚ حاڵەتی کوشتن و ئیعدام کردنت نەبینی. . ؟

– ئیعدام لەویٚ تەنفیز نەدەکرا مەگەر کەسێك لەژێر تەعزیب دا مردبیٚ. . نا نەبووە. . ئەوە زیاتر لەئەمنی عامەدا هەبووە و بەتایبەت لەساڵەکانی کۆتایی شەڕی ئێران عێراق دا ئەو کاتەی من لەعەر عەر بووم سەرەتا کاتی شەڕ بوو.

* ئەی دوای ئەوەی لەعەر عەر گواسترایتەوە بۆ کوێیان ناردی. . ؟

– لەو ماوەیەی‌کە لە عەر عەر بووم چەند جارێك بۆ دەورات ئەیاناردم بۆ عامە لە بەغدا. .

**– کچەکانم سەرەتاییان تەواو کردووە پاشان دەرچوون. کوڕەکانیش (احمد) سەرەتایی تەواو کردووە پاشان وازی هێنا. ئێستاش (موعتەن) لەپۆلی یەکەمی ناوەندی یەو حەیدەریش شەشی سەرەتایی بەلاّم نازانم ئەوانیش ئەتوانن خوێندن تەواو بکەن یان وەك براو خوشکەکانیان دەبێ واز بهێنن. .**

*** ئەتوانی هۆکاری وازهێنانم پێ بڵێی. . ؟**

**– لەبەر کەمدەرامەتی بووە، ژیان قورسە لێرە. ئەو مووچەیەی من وەرم گرتووە هەر بایی ئەوەبوو پێی بژین ژیانێکی ساکار نەمتوانیوە مەسرەفی ئەو منالاّنە بکەم بۆ قوتابخانە. احمد ی کوڕم کەوازی هێناوە لەبەر ئەوە بووە ئێستا پێلاّو بۆیاخ دەکات وا دوساڵ زیاترە ئەوە کاریەتی. .**

*** ببورە، هەست دەکەم کەباسی تایبەتمەندییەکانی خێزانەکەت دەکەی خەریکە بریندارت دەکەم، لەبەر ئەوە لەو باسە بگەڕێ. ئەو ماوانەی کە لەئەمنی عامەی بەغا بووی کە بێ گومان ئەمنی عامەی بەغا وەك قەسابخانە وابووە گەر هەندێ ووردەکاری ئەمنی عامەمان بۆ بگێڕیتەوە. . ؟**

**– وەڵا، نازانم، باسی چی بکەم تۆ خۆت ئاماژەت بەوە کرد کە وەك قەسابخانە بووە. من تەئیدت دەکەم وەك قەسابخانە بووە بەلاّم قەسابخانەی مرۆڤ نەك ئاژەڵ. .**

*** گەر هەندێ نموونەمان بدەیتێ لەسەر ئەو تاوانکارییانەی کەلەوێ ئەنجام دراون و تۆ خۆت بینیوتەو شایەتحاڵی رووداوەکەیت. . ؟**

**– نەك من هەرکەسێ لەئەمنی عامە بووبێ ئەوە دەزانێ کە لەوێ چی رووی دەدا ... مرۆڤی تیا کەوڵ دەکرا. دەیان. دەیان ئامرازی تایبەتی هەبوو بۆ تەعزیب دان زۆر جیهاز هەبوو کە تەعزیبی خەڵکی پێ ئەدرا ئەو جیهازانە لەدەرەوەی عێراقەوە دەهاتن. .**

*** لەچ وولاّتێکەوە دەهێنران. . ؟**

**– کێ ئەوە دەزانێ. سایەقی سەیارەیەك نهێنی ئەوەی دەخرێتە بەردەست. ئەوە تەنها بەرپرسە گەورەکان دەزانن. . !**

*** شێوازەکانی تەعزیب دان چۆن بوو؟**

**– من نازانم. خۆمن کارم تەعزیب دان نەبووە. من جەلاد نەبووم من سایەق بووم سایەق. . !**

*** ئەزانم سایەق بووی بەلاّم کە لەدەزگایەك دا کارت کردبێ بێگومان بەشێك زانیاری دەربارەی ئەو دەزگایە دەزانی. . ؟**

**– من پێم وتی و سەرەتا سوێندم بۆ خواردی کە چی بزانم دەیگێڕمەوە، چیم بینیوە ئەوە دەڵێم من لەترسی خوا بەپێی خۆم هاتووم تا ئەو راستییە شاراوانە ئاشکرابکەم، نەزیاد دەڵێم نەکەم، خوایش خۆی لەسەرم ئاگادارە. .**

*** باشە وەك خۆت نەتبینی وە ئەی نەت بیستووە یان برادەرێکت بۆی باس نەکردووی. . ؟**

**– چی. . !**

*** لەبارەی ئەو تەعزیب دانەوە. . !؟**

**– چۆن نەم بیستووە. دەیان شتم بیستووە. بەلاّم من لەسەرەتادا پێم ووتی ئەوەی خۆم بینیومە ئەوە باس دەکەم. .**

*** گەر ئەوەی دەربارەی شێوازی تەعزیب دان بیستووتە، یەك دووحاڵەتمان بۆ باس بکەی. . ؟ ئەوەی کە بۆیان باس کردووی. . ؟**

**– تەعزیب هەبووە بۆ ئەوە بوو اعتراف بەکەسێك بکەن بەشێوەیەك ئازاریان داوە کە ناچاری بکەن ئەوەی دەیزانێ بیڵێ. . هەبووە بۆ ئەوە بووە. بەدەم ئازارەوە بیکوژن شێوازی تەعزیبی ئەم جیاوازبوو لەوی تر. یان هەبووە مرۆڤیان پارچە پارچە کردووە. هەبووە بەڕاکێشان پچڕاندوویانە هەبووە شەڕی دەروونی لەگەڵدا کراوە کەس و کاریان هێناوە ژن و مناڵ بەبەرچاویەوە ئازاریان داوە هەتا هەبووە تەعدای شەرەفیان لێ کردووە. هەرچی بڵێی کراوە. کەمن خۆم ئاگاداری ئەوانەنیم من ئەوەی ئاگام لێیەتی و شایەتیم لەسەری ئەو کوشتن و لەگۆڕنانەی ئەنفالەکانە، تۆ ئەوە لەمن بپرسە. .**

(قووڵ و درێژ) .

*ئەو ڕۆژە (رائد نزهان) یاخود (تاهر حبوش) یا (عبد) کە سیان نەهاتنەوە بۆ لاتان، بۆ شوێنی حەوانەوەتان قسەیەکتان لەگەڵ بکەن، یاخود بڵێن خۆتان ئامادە بکەن، ئەم شەو کارێکی گرنگترمان هەیە !؟

–نەخێر نەهاتن و کەس هیچی لەوبارەیەوە پێنەوتین و ئێمە هەموو کات ئامادە بوین، پێویستی بەوە ناکرد پێشتر ئاگادارمان بکەنەوە بۆ خۆئامادەکردن. . هەرکاتێ ئەوان بیانویستایە ئێمە ساز و ئامادەبوین.

*پێشتر ئەوەتان پێگوترابوو کە لەم حاڵەتەدا دەبێ بەردەوام ساز و ئامادەبیت، واتە حاڵەتی نائاسایی ڕاگەێنرابوو کەدەبێ بەردەوام خۆتان بۆ ئەنجام دانی کاری گرنگ ئامادە بکەن؟

–ئەی من لەسەرتادا نەمگوت پێمانیان گوت نابێ بچنە ناوشار، بەردەوام لەو شوێنە بوین کەبۆمان دیاری کرابوو.

*باشە، ڕۆژی 12ی مانگ، کەی لەو شوێنەی کە لێی دەمانەوە بردتانیان بۆ جێگەی بەکۆمەڵ کوشتنی ئەنفالەکان. ؟

–ئێمە تا سەعات 10ی شەو هەر لە شوێنی خۆمان بوین، وابزانم کاتژمێر 10 و هەروا چەند دەقیقەیەکی کەم بوو (رائد نزهان) هات بۆ لامان، ئاگاداری کردین کە بۆ ئەنجامدانی کارێکی گرنگ لەگەڵی بەڕێبکەوین. .

*ڕۆژی پێشتر پێیان گوتبون کە ئەم شەو بۆ کارێکی گرنگ بانگ دەکرێن. . ؟

–نەخێر. . !

*ئەو کاتەی (رائد نزهان) هات بە شوێنتان دا، تۆ بە ئاگابوی یاخەوتبوی، لەوکاتەدا چیت کرد. . ؟

–هێشتا کات زووبوو بۆ خەو، هەمومان دانیشتبوین خەریکی قسەی خۆش بووین، چونکە لەو ڕۆژانەدا دڵمان فرە خۆش بوو. .

*بۆ دڵتان خۆشبوو، بە پرۆسەی ئەنفال. . ؟

–نەخێر. من ئەوکاتە هێشتا نەمئەزانی ئەنفال چییە و نەمبیستبوو. . !

*ئەی بەچی دڵتان خۆشبوو لەو ڕۆژانەدا. . ؟

–هەموو سێ ڕۆژ، چوار ڕۆژ بوو شەڕی ئێران عێراق کۆتایی هاتبوو، دڵمان بەوە خۆشبوو کە ئیتر شەڕ تەواوبوو گەلی عێراق پشوویەك دەدەین. . .ئیدی ترسمان نەما تیابچین و وامان دەزانی ئیتر لە عێراقدا کوشتن کۆتایی دێت. . !

* (رائد نزاهان) هەرخۆی بە تەنها بوو کە هات فەرمانی پێکردن بەڕێبکەون. . ؟

–نەخێر. . چوار یان پێنچ سەیارەی جۆری (مارسیدس) کە ڕەنگەکانیان سپی بوو لەگەڵی بوون و هەر سەیارەی چوار حیمایەی تێدا بوو. .

*لە شوێنەکەی خۆتانەوە بەرەو کوێ چوون. . ؟

–لە ڕێگەی (کەیوان عەرەفەوە) بەرەو ڕێگای بەغدا بردمانیان، حیمایەکان لە پێشەوە ئێمەش بەدوویاندا بەرەو جێگە هەڵکەندراوەکان، لە نێوان یایچی و تۆپزاوا.

*کاتێ بەرەو هەمان ئەو شوێنەی دوێنێ شەو دەیانبردن، هەستت بەچیدەکرد، یاخود پێت وابوو چی کارێکیان بەتۆ هەیە. . !؟

–سەرەتا واهەستم دەکرد ڕەنگە چاڵی ترمان پێهەڵکەنن، بەڵام کە نزیکی شوێنەکە بوینەوە ئەو هەستەم گۆڕا. .

*بۆ. . ؟ چیت بینی. . ؟

–لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی کە شەوی پێشووتر ئێمە چاڵمان کرد، دەوری بەهێزی تایبەت گیرابوو. .

*ئەی شەوی رابردوو. . ؟

–نەخێر شەوی پێشتر بەوشێوەیە نەبوو، تەنها (رائد نزهان و رائد عبد) و پاسەوانەکانی ئەوان بوون. . بەڵام ئەوەی شەوی دووەم واتە شەوی 12ی مانگ، هەموو سەر ڕێگا سەرەکیەکان و بان گرد و تەپۆڵکەکان و چوار دەوری ناوچەکە بە فراوانی تەنرابوون. .

*هێزەکان. . هێزی چی بوون. . ئەمن. . ئیستخبارات. . قوات خاسە. . جاشی کورد. . یاخود سەربازی ئاسایی بوون. . !؟

–من نازانم چونکە ئێمە تەنها بینیمان هێزێکی زۆر پاسەوانی ناوچەکەن. . ئیدی ئێمە چوزانین هێزی چیبوون. . قابیلە خۆ سەربازی ئیعتیادی نەبووە کوردی تیابێت سبەی بچێت بیگێڕێتەوە. . ئەی هێزی تایبەت بوونە، سەر بە ئەمنی خاس یان مەکتەب تەنزیم شیمال. . !

*دەتوانی ئەم دیمەنانەم وردتر بۆ باسبکەیت. . یان جوانتر بۆم وەسف بکەیت. . !؟

–وەسفی چیبکەم (جەریمە) وەسفی تیایە. . من ئەڵێم کوردیان کوشت تاوانیان کرد، بە بەرچاوی ئێمەوە. . من (موجریم) نیم تا تاوان و کوشتن لام ڕەوابێ و لەلام ئاسایی بێت تا وەسفی بکەم. . !

*ببورە بەهەڵە لێم تێمەگە، کە دەڵێم وەسفم بۆ بکەی، مەبەستم بە وردی گێڕانەوەی ئەوەیە کە ئەنجام دراوە بە بەرچاوتەوە باسی بکە. . !؟

–ئێ، ئەی من بۆچی هاتووم لێرە دانیشتووم. . ئەی مەبەست ئەوەنییە، ئەوەی بینیومە بۆتی بگێڕمەوە. . !

*زۆرباشە. . نازانی کاتژمێر چەند بوو گەیشتنە شوێنی روداوەکە. . جێگەی چاڵەکان. . ؟

–نا، نازانم، بەڵام تۆ حیسابی ئەوەبکە، ئێمە لە سەعات 10ی شەو لایدابوو لە ناو کەرکوك بوین، ئیتر بزانە تا ئێرە چەند دەکات. . !

*گوتت سەر ڕێگا سەرەکی و گرد و تەپۆلکەکان هەمووی هێزی لێبوو. . ئەی جگە لەو هێزانە هیچ بەرپرسێك، ئەمنی، سەربازی، یا کەسێك لە شوێنی نادیارەوە هاتبێ لەوێئامادە بووبێ. . ؟

–با، جگە لە (رائد نزاهان) کە خۆی هات بەشوێن ئێمەدا و هەر لە پێشمانەوە دەڕۆی، کاتێ گەیشتینە ئەوێ لەسەر ئەو (تەلە) گردەی دیار چاڵەکان (تاهر جلیل حبوش) کە ئەو کات بەڕێوبەری نوسینگەی ڕێکخراوەکانی باکوور بوو، دواتر بوو بە پارێزگاری ئەنبار و دوای ئەوەش بوو بە بەڕیوەبەری موخابەراتی عامەی عێراق، ئەو لەوێ راوەستابوو. .

*کە گەیشتن چیتان کرد. . ؟

–ئێمە چاوەڕێی فەرمان بوین، چاوەڕێمان بوو بزانین چی کارێکمان پێدەسپێرن. .

*بەر لەوەی هیچ کارێك بە ئێوە بسپێرن. . چیتان بینی. . یاخود چی رویدا. . بە بەرچاوەتانەوە، کە ئێوە تەنها بینەر بوون. . !؟

–دەزانم دەڵێی چی، لەهەموو شتێکدا هەر بینەر بوین و ئەوەی کە خۆشمان کردومانە فەرمانێك بوە و جێبەجێمان کردوە.

.

*من پرسیاری ئەوەم کرد چی بە بەرچاوە\تانەوە رویدا. . باسی دەستنیشان کردنی تاوانبارم نەکرد. . ؟

–ئەوەی کە رویدا هەمویمان بینی. .

*وەك. . !؟

–وەك کوشتنی گەنجە کوردەکان. .

*کە ئێوە چوون گەنجە کوردەکان لەوێ بوون. . ئامادە کرابوون بۆ گوللەباران کردن. . ؟

–نەخێر، کە ئێمە چوین نەمگوت هێزێکی پاسەوان و (تاهیر) و رائد (نزاهان) . .

*کەی ئەنفالەکانیان هێنا بۆ شوێنی گوللەباران کردنەکان. . ؟

–پێش ئەوەی ئەنفالەکان بهێنن تیمی تایبەتی گوللەباران کردنەکەیان هێنا. .

–من له 1991 تا 1995 نقلْ كرام بۆ ئەمنی (نەجەف) ...   كیْ ئەیتوانی رابكات ... برادەریْكم بوو له ساڵی 1998 رایكرد ژن و منالْەكەیان گرد، ژنەكەی حامیله بوو له زندان منالْی بوو، كاتی بەردرا منالْەكەی سالْ و نیویْ بوو، لەویْوه تەماشابكه چۆن بتوانم ئەو نهیْنییه بدركیْنم.

*ئەی هەولْت نەدا هیچ نەبیْ له دەزگای ئەمن دوور بكەویتەوە. . ؟

–نەمدەتوانی، یان دەبوو توشی موشكیلەبم گەر بمویستایه نەمیْنم له ئەمن، یان دوور نەبوو حوكمم بدەن به ئەبەدی.

*ئەی دوای سالْی 1995. . واته دوای ئەمنی نەجەف. . ؟

–گەڕامەوە بۆ كەركوك له ئەمنی (منسور) بووم.

*تا كەی. . ؟

–تا ماوەیەكی كەم، بەر لەروخانی عیْراق.

*ئەی كاتی روخانی عیْراق، لەكویْ بووی. . ؟

–له (مەتار) بەغدا بوم.

*من لەسەرەتا دەومویست ئەو پرسیارە بكەم، كه تۆ پیْناچیْ (ئەمنیْكی ئاسایی) بیت. . ؟

–من پلەم (مفەوەز) ە.

*ئاخر پیْناچیْت مفەوەز بیْت. . ؟

–بۆ. . ؟

*لەبەر ئەوەی تۆ خویْندەواریت و تا پۆلی سیْی ناوەندیت خویْندوە و ماوەی 25 سالّە خزمەتی ئەو (جیهەتە) دەكەیت. . خەلْك هەبوە سەر به ئەمن، نەخویْندەوار بووە پلەی هەبوە، یاخود بەكەمترین سالْی خزمەت پلەكەیان بەرز كردۆتەوە. . نابیْ تۆ به 25 سالْ خزمەت تازە مفەوەز بیت. . ؟

–من پیْت دەلْیْم مفەوەزم. . تۆش بەچی لیْم دەگەی ئازادی.

*به گومانم. . ؟

–ئازادی. .

*باشه، با بیْینەوە سەر دوای پرۆسەی ئازادی. . ؟

–دوای گرتنی (مەتار) گەڕامەوە كەركوك بۆلای ژن و منالْەكانم.

*كەی بڕیارت دا ئەم كارەساتە بگیْڕیتەوە. . ؟

–هەر كه كەركوك كەوتە دەست كورد.

*له كویْوه دەستت پیْكرد. . ؟

–سیْ رۆژ لەسەر یەك چومە (محافەزە) بۆ لای بەریْز (رزگار) ، دەیانگوت محافز ناوی رزگارە، بەلاّم نەیانهیْشت بیبینم.

*بەكەست گوت بۆ لای (پاریْزگار) هاتووم. . ؟

–به دەیان كەس. . بەلاّم كەس گویْی لیْ نەدەگرتم.

*پیت وتن بۆ كاریْكی وا گرنگ هاتوم و نهیْنم لایە. . ؟

–بەلیْ.

*چیان پیْتگوت. . ؟

–هەر گویْیان لیْ نەگرتم.

